# ئای کەعەشق
# چەندە بەلآیەکی جوانە

**زانا سامان**

زاناسامان/2004

ئیدی وەختی ئەوە هاتووە

بەرسیلە خەونێك

لەسەر سینگی سێو بکرۆژم

بۆ ئەوەی هێندە

عادەت نەگرم

بەتەنیایی شەوەکانەوە

ویستم چەند پێیەك

بەرەو بێدەنگی هەنگاوبنێم و

بیرۆکە دەزولەییەکانم

ڕێیان پێنەدام

ئاخر بریاربوو بەتەنیا

بۆ دۆزینەوەی

ئەو مووروە شینە بگەرێم

کەزەمەنێکە

لەباراندا بزربووە

لەبیرمە لەوەرزی

باقلبوونم بەگۆڵ

دایکم پێی دەگوتم:

نەکەیت ببیە هاوڕێی(با)

چونکە باڵی

پەروانەکانی ڕۆحت دەشکێنێ

تەنیابووم و

لەزیرەی دڵی نێرگزێکدا

ماڵەباجێنەی

ئەوسای کچانی گەڕەکم

دۆزییەوە

دەمویس لەگەڵی بدوێم‌و
هاڕەی پاوانەی
ژنە عازەبەکان لێنەدەگەڕا
دەیویست
عەزابە مەئیوسەکانی
خۆیم بۆباسکاو
خومێك لەدڵی ژیانەوە
هاتە قسەو لێنەگەڕاو
وەلێ من تێنەگەیشتم،
لەمێژە دەمەوێت
رەسەنترین نێرگز ببینم
بەڵام..تێناگەم
ئاخۆ نێرگزەکانی سیاسەت
یان نێرگزە ریکلامیەکان
یانۆ.. نێرگزەکانی (تیڤی)
نەتەوەین
یائەو چەپکە نێرگزانەی
مناڵان
لەسەرجادە دەیانفرۆشن،
تەمابوون رێگەی پێنەدام..تەمابوون
ئاخر ئاسان نیە
وابەزوویی
تێگەیشتن لەچرای
خوداکەی (ئیدریس)
هەنگاونیە
بەتەنیایدا تێپەڕێ‌و
ماڵی نازناز بدۆزێتەوە مەحاڵە
ئەرێ یاشێخ
تکایە وەڵام
دەمەوێت ئەمشەو
بەمەحوی رێبکەیت‌و
لەچۆڵ گەردی شاری دڵا

بتدۆزمەوە

دەمەوێت جارێکی تر

پێمان بلێیت:

(کەپێویستی بەگۆرانە..ژیان)،

تەنیابووم و

لەزیرەی دڵی نێرگزێکدا

ستایلی وێنکردنم دۆزییەوە،

تەنیا بووم

کەگوێم لێبوو

(نالی) بەحەبیبەی

دەفەرموو:

(نەچم شەرتە هەتائەوخوارە بێ تۆ)

وای کەنەگبەتیەکە

پێدەچێ..

لەدواین گەڵای پایزدا

(حەمە)برواو نەبینینەوە،

ئیدی وەختی ئەوە هاتووە

لەگەڵ هاتنی هەر سپێدەیەکدا

سلاوێك

لەهەنارە قلێشاوەکەی

دڵی دارەکەی هاوسێمان بکەم

نەبادە..ئاخرنەبادە

زەردەواڵەکانی ئێشاو

لەگەرمای نیوەرۆیەکدا

شەربەتاوەکەی هەڵمژن

لەمێژە عەودالی عەشقم.. لەمێژە

لەوانەیە عەشق

جێمانی دووچڵ نێرگزی

دەستی کچێکی قەیرەبێت

لەدوکانێکی وردەواڵەدا

یاخود

تۆمارکردنی شیعرێك بێت

لەمۆبایلێکدا

یان لەوانەیە

دزینی چڵێ نێرگزبێت

لەمامۆستای بیرکاری

یائەو چڵە نێرگزەبێت

لەبەردەم(چایخانەی شەعب)

هەڵمگرتەوە،

بەزیرەی دڵی نێرگزێکدا

ئەوپارانەوەیەم هاتەبەرگوێ

کەساوایەك..

داوای مەمەی لەدایکی دەکردو

ئەویش چاوەڕێی

هاتنەوەی پیاوەکەی بوو

بۆ ئەوەی

لەگەڵ هەڵمژینی هەناسەکانی

ئەودا..

شیربداتە..کۆرپەکەیان

لەبیرمە ئەی عەشق.. لەبیرمە

مناڵیم پڕ لەفرمێسكو

گەوورە بوونم

شەری جیابوونەوەی

دایەو..بابە

تێدەگەیت..ئەی عەشق..تێدەگەیت

ئیدی بۆچ ڕێگە نادەیت..بۆچ

تاوێك لەناوتا برسرەووم،

من سروودم

بۆتۆ داڕشتو

تۆ ئاوازی

بەزمترین گۆرانیت بۆدانا

هەی نابەڵە،

بەدیارسەیرکردنی بارانو

گوێگرتن لەهەرای

چرکە چرکی(کیبۆردەکان)

تێگەیشتم..

مەحوی بووبۆ ژیان گریاو

رێبواریش بوو نالآندی

دەنا شەهرەزاد

بۆچ هێندە

رق ئەستور دەبێت لەعەشق،

تکایە بۆئەو کوڕە بگەڕێن

داوای دایکی خۆی دەکاتەوە،

ئای کەعەشق

چەندە بەلأیەکی جوانی

ئەوە تۆبوویت

بەلای ئێمەدا تێپەرێت.